# پراگماتیک و ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی لە زمانی کوردیدا

د. ئاوات احمد محمد صالح

بەشی کوردی کۆلێژی زمان

زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر

**الملخص**

التفاعل هو مفهوم اجتماعي ونفسي وهو جزء من علم النفس الاجتماعي ويتناول تفاعل الأفراد مع بيئتهم ونتائج هذه التفاعلات هي القيم والتقاليد والاتجاهات وتفاعل الأفراد ومنهجهم ولهذا الغرض تلعب التداولية دورا هاما في استخدام اللغة في جميع مستويات اللغة . إن استخدام اللغة بطريقة إيجابية وعملية يساعد على تقوية العلاقات الاجتماعية و وحدة المجتمع.

الهدف من هذه البحث هو إيجاد العلاقة بين قواعد التفاعل الاجتماعي و التداولية لفهم دور التداولية في هذا التفاعل . ويناقش في هذا البحث مرة أخرى دور التداولية في صياغة الأفكار والتعبير اللغوي.

تهدف هذه البحث إلى الإجابة على الأسئلة التالية: إلى أي مدى تعتمد قوانين التفاعل الاجتماعي على التداولية ؟ ما علاقة التداولية بالتفاعل الاجتماعي؟ كيف تساهم التداولية في التفاعل الاجتماعي؟

وتكمن أهمية البحث في أنه يعلمنا كيف نكون حذرين في كلامنا وتعبيراتنا، ومراعاة الوضع الاجتماعي، وجعل اللغة وسيلة للتقريب. أما الثاني فيتعلق بقواعد التفاعل الاجتماعى و التداولية مع الاستنتاجات والملخصات باللغتين العربية و الانكليزية .

پوختە :

ئاوێتەبوون interaction چەمکێکی کۆمەڵناسی و دەروونناسییە و بەشێکە لە دەروونناسی کۆمەڵایەتی و باس لە ئاوێتەبوونی تاك دەکات لەگەڵ دەوروبەرەکەی و ئەنجامی ئەو

ئـاوێتەبـوونەش بەهـا و نەریـت و ئـاڕاسـتەکانن، ناونیشـانی باسـەکە بـریتییە لە (پراگماتیـک و ئـاوێتەبـوونی کـۆمەڵایەتـی لەزمـانی کوردیـدا) بـاسێکە تیشـک دەخـاتە سـەر رۆڵی پراگماتیـک لە ئـاوێتەبـوونی کـۆمەڵایەتـی و کـارلێککـردن و نزیکبـوونەوەی تاکەکـان بـۆ ئەم مەبەسـتەش پراگماتیـک رۆڵی بەرچـاوی هەیە لە بەکـارهێنـانی زمـان بە هەر سێ تەوەرەکەیەوە. کە بـریتین لە وشـە و ڕسـتە و ئـاوازەی دەربـڕین و زمـانی جەسـتە، بەکـارهێنـانی زمـان بە شێوەیەکـی ئەرێنـی و لە چـوارچێوەی پراگماتیکـدا یارمەتیـدەردەبێت بـۆ پتەوکردنـی پەیوەنـدی کـۆمەڵایەتی و تەبایی کـۆمەڵگا .

ئامـانج لەم باسـە دۆزینـەوەی پەیوەنـدییە لە نێوان یاسـاکانی ئـاوێتەبـوونی کـۆمەڵایەتـی و پراگماتیـک تـا بزانـرێت رۆڵی پراگماتیـک چییە لەم ئـاوێتەبـوونەدا. هەروەهـا لەم باسـەدا دیسـان بـاس لە رۆڵی پراگماتیـک دەکـات لە کـاتی داڕشـتنەوەی بیـرۆکە و گوزارشـتی زمـانی . لەم باسـە بەمەبەسـتی وەڵامـدانەوەی ئەم پرسـیانە ئەنجـام دەدرێت : یاسـاکانی ئـاوێتەبـوونی کـۆمەڵایەتـی تـا چەنـد پشـت بە پراگماتیـک دەبەسـتن ؟ پراگماتیـک چ پەیوەنـدییەکی بە ئـاوێتەبـوونی کـۆمەڵایەتییەوە هەیە ؟ پراگماتیک چۆن یارمەتیدەر دەبێت بـۆ ئاوێتەبوونی کـۆمەڵایەتی

گرنگـی لێکـۆڵینـەوەکە لەوەدایە فێرمـان دەکـات چۆن وردبـین لە قسـەکردندا و لە دەربڕینەکانمـان رەچـاوی بـاری کـۆمەڵایەتـی بکەیـن و زمـان بکەیـنە هۆکـارێک بـۆ نزیکبـوونەوە، باسـەکە بە پێی رێبـازی وەسـفی ئەنجامـدراوە و جـگە لە پێشـەکی و ئەنجـام لە دوو بەش پێکـدێت : بەشـی یەکەم تـایبەتە بە ئـاوێتەبـوونی کـۆمەڵایەتـی و زمـان و بەشـی دووەمـیش تـایبەتە بە یاسـاکانی ئـاوێتەبـوون و پراگماتیـک لەگەڵ ئەنجـام و کـورتەی باسـەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

وشە کلیلەکان :

یاساکانی ئـاوێتەبـوون Rules of interaction، رەفتـاری گەیانـدن communication behavior دەرکەوتەی ئاخاوتن (Implicate Conversational)، وبنەمای هاریکاری (Cooperative principle) بنەمای گونجان (Relation) بنەمای چۆنیەتی (Quantity) ، چەندێتی (Quality) ، شیواز (Manner) .

پێشەکی :

آ– ناونیشانی باسەکە:

ناونیشانی باسەکە بریتیە لە (پراگماتیک و ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتیە زمانی کوردیدا )

ب– سنووری باسەکە :

باسەکە لە سنووری شێوەزاری ناوەڕاست باس لە رۆڵی پراگماتیک لە ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی دەکات نموونەکان سەر بە زاری هەولێرە.

ج– ئامانج و گرنگی باسەکە:

ئامانج لەم باسە دۆزینەوەی پەیوەندییە لە نێوان یاساکانی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی و پراگماتیک تا بزانرێت رۆڵی پراگماتیک چییە لەم ئاوێتەبوونەدا. هەروەها لەم باسەدا دیسان باس لە رۆڵی پراگماتیک دەکات لە کاتی داڕشتنەوەی بیرۆکە و گوزارشتی زمانی.

د– گریمانەی لێکۆڵینەوەکە پرسیاری لێکۆڵینەوە :

لێکۆڵینەوەکە گریمانەی ئەوەدەکات :

+ یاساکانی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی تا چەند پشت بە پراگماتیک دەبەستن ؟

+ پراگماتیک چ پەیوەندییەکی بە ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتییەوە هەیە ؟

+ پراگماتیک چۆن یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی ؟

ه – رێبازی باسەکە:

باسەکە لە ژێر رۆشنایی رێبازی وەسفی شیکاری لێکۆڵینەوەکە ئەنجام دەدات .

و– ناوەرۆکی باسەکە:

باسەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکدێت : بەشی یەکەم تایبەتە بە چوارچێوەی تیۆری ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی و زمان، کە ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت : پێناسەی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی، گرنگی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی، ئامانجی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی، قۆناغەکانی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی، زمان و ئاوێتەکانی کۆمەڵایەتی، شێوەکانی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی، بەشی دووەمیش تایبەتە بە یاساکانی ئاوێتەبوون و پراگماتیک کە ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت : ئاوێتەبوون و رووەندی، ئاوێتەبوون لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان، پراگماتیک چۆن یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی. لەکۆتایشدا ئەنجام و پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو .

بەشی یەکەم : چوارچێوەی تیۆری ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی و زمان :

**١-١- پێناسەی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی :**

ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی چەمکێکی دەروونناسی کۆمەڵایەتییە بە گرنگترین بنەماکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دادەنرێت و بەشێکە لە گەشەی کۆمەڵایەتی، ئاویتەبوونی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی جۆرێکە لە کار و کاردانەوە لە زانستی کۆمەڵایەتی کە کاریگەری دەکەنە سەریەکتر و تەنانەت کاریکەری دەکاتە سەر ئەوانەش کە خۆیان پرۆگرام دەکەن و ئاڕاستەیان دەگۆڕن بە پێی پێویستیان (احمد الشناوی و الاخرون:65:2001)

ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك بۆچوونە لای ئاخێوەران بۆ دەرکپێکردن بە ئەرکی کۆمەڵایەتی و رەفتاری تاك لە ژێررۆشنایی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان کە رۆڵی تاك و کەسانیتر لە نێو کۆمەڵگا و دەستنیشانی دەکات . ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی پێناسەی جۆراوجۆری هەیە وەك) :

+ (ئێۆتاوی) : ناوی ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان دووکەس یان دوو کۆمەڵ روودەدات وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی (ئێۆتاوی : 69:1976) .

+ (ئۆوینـــك) بـــریتییە لە هێزی کـــاری نـــاوخۆییـــی بەکۆمەڵ وەك ئەوەی بەشـــداریبووان دەبیـــنن (مینرونوف:69:1974).

+(كولـب ولسـن) : بە دوو شێوە پێناسـەی دەكـات : یەكەمیـان : پێی وایە ئەگەر دووكەس یـان دووكۆمەڵ پەیوەندی بكەن بەیەكەوە ئەوا گـۆڕانكاری لە رەفتاریان دێتە ئاراوە .

دووەمیـــان : پێی وایە كـــاریگەری ئـــاڵوگـۆڕە لەنێوان تاكەكـــان یـــان هێزە كۆمەڵایەتییەكـــان لە نێوەندی كۆمەڵایەتی و كاریگەری ئاڵوگـۆڕ دەكەن سەر یەكتر

+ (سواسۆن) : پرۆسـەیەكە كە تاكەكانی كۆمەڵگا بەیەكەوە دەبەستێتەوە لە رووی ئەقڵ و پاڵنەر و پێداویسـتی و ئامـانج و ویسـت و ئـارەزوو و ...هتـد . هەر بـۆیە دەتـوانین بڵـــێین پەیوەنـدییەكی ئاڵوگـۆڕە لە نێوان دووكەس یان زیاتر و رەفتاری هەر یەكێك وەستاوەتە سەر ئەویتر . ئاخێوەران لە هەوڵی ئەوەدان و بەتەنــگ ئەوەن خەڵك پێیـان نەڵـــێت شێتە، لەو بـاوەڕەدایە ئەوەی ســەلامی لێبكـات سـەلامەكەی بەگەرموگوڕی وەربگرێتەوە و ئەوەی داوای لێبوردنی لێدەكـات رەچاوی ئەوە دەكـــات داوای لێبـــوردنەكەی وەربگـــرێت، ئەوەی هەســـتی خۆتـــی بـۆ دەردەبـڕیـــو دڵی خۆتـــی لا دەكەیتەوە لەو بـاوەڕدایە كە جێگـای بـاوەڕە، ئەوەی بە خراپە باسـی خۆی بكـات لەو بـاوەڕەدایە خەڵك پێچەوانەكەی بـڵێن، بەم پێیە ئاخێوەران لەو باوەڕەدان تا ڕادەیەك تاكەكان دان بەخۆیاندا دەگرن و رێز دەنوێنن بەرامبەر یەكتر (فلیب بلانشییە:88:2007).

تاكەكـان تایبەتمەنـدییەكی نوانـدنیان هەیە خـاوەن دوو روون رووێك بـۆ كۆمەڵگـا لەگەڵ رووێكـی راســـتەقینەی خۆی، بەمەش پەیوەنـــدی نێوان تاكەكـــان خۆی لە نێوان پـۆزەتیـــڤ و نێگەتیـــڤ دا دەبینێتەوە جا بە شێوەیەكی راستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ، رووە نێگەتیڤەكەی لە بارودۆخێكی تایبەتدا دەردەكەوێت كە هەڵگری زۆر نهێنی و تایبەتمەندی شاراوەیە، رووە پـۆزەتیڤەكەش ئەو رووەیە كە پیشـانی خەڵك و بەرامـبەری دەدەن، ئەم دوو رووەش هاوتەریـب بەیەكەوە دەڕۆن هەوڵی هاوسـەرنگی نێوانیـان دەدرێت (فلیـب بلانشـییە:90:2007) بەم پێیە دەبینـین كۆتـی كۆمەڵگـا هۆكـارە بـۆ دورستبوونی روێكی نواندن بـۆ بەجێگەیاندنی ئەركی كۆمەڵایەتی.

کارلێک و ئاوێتەبوون لە ڕێگای زمان و زمانی جەستە دەردەبڕدرێت و ئەنجامەکەشی یان گونجانە یان ململانێ کاتێك کە جێگیر دەبێت ئەوا شێوەیەك لە شێوەکان وەردەگرێت و دەبێتە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ئەم پەیوەندییەش کاتی و هەمیشەییە هەندێجار . بۆ نموونە پێکدادانی دوو ئۆتۆمۆبیل ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵام ڕەفتاری هەریەکەیان دوای ڕووداوەکە و زمانی بەکارهێنراو دوای ڕووداوەکە ئەوا ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتییە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین : ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك وروژێنەرن و ژینگەی کۆمەڵایەتی پێشکەشی دەکات و کاردانەوەی کۆمەڵایەتی لای بەشداربووان دێنێتە ئاراوە .

### ١-٢- گرنگی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی :

گرنگی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی دەتوانین لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە:

+بەشداری دەکات بۆ ڕەفتاروەرگرتن، لە ڕێگایەوە فێری زمانی نەتەوەیی و تایبەتمەندییە مرۆڤایەتییەکانی و کەلتوور و بەها و داب و نەریتی دەبێت.

+گرنگە بۆ گەشەی منداڵ، ئەو منداڵەی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی نەبێت گەشەکانی سست و دواکەتوو دەبێت.

+هەلدەڕەخسێنێ بۆ دەرخستنی کەسایەتی وەك کەسایەتی شەرانگێزی و کۆمەڵایەتی و داهێنەر . جگە لەمەش توانای دەربڕین و دەستپێشخەری و گفتوگۆی لا دورست دەبێت.

+بنەمایەکی گرنگە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگا، چونکە تاکەکان بە پەیوەندی جۆراوجۆر بەیەکەوە دەبەستێتەوە بەمەش تاکەکان زیاتر لە تایبەتمەندییەك کۆیان دەکاتەوە.

+ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی چینێکی کۆمەڵ دەردەخات و سەرکردە دورستدەکات و بە پێچەوانەشەوە کەسانێك دەڕوخێنێت.

+ ئـاوێتەبـوونی کۆمەڵایەتـی یارمەتیـدەرە بـۆ دیـاریکردنی رۆڵەکۆمەڵایەتییەکـان و دابەشـکردنی بەرپرسـیارییەتی هەروەك دەبینـین لە گفتـوگـۆدا رۆڵەکـانی بەشـداربووان لە رێگـای ئـاوێتەبـوونی کۆمەڵایەتی بەدیاردەکەون (هنود علی:130:2013) .

**١-٣- ئامانجی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی:**

ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی بۆ چەند ئامانجێك کاردەکات گرنگترینیان:

+بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆمەڵ کاردەکات و رێگانی تێرکردنی پێداویستی دیاریدەکات.

+تاکەکان رەفتار و ئاڕاستەی جۆراوجۆر وەردەگرێت و پەیوەندییەکان رێکدەخات لە نێوان تاکەکان لە چوارچێوەی نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان.

+یارمەتیدەرە بۆ هەڵسەنگاندنی خود و کەسانیتر بە شێوەیەکی بەردەوام.

+یارمەتیـدەرە بـۆ خۆدۆزینـەوە و دڵتەنگـی کەمـدەکاتەوە، چـونکە دوورەپەرێزی نەخۆشـی دەروونـی دورست دەکات.

+ یارمەتیـدەرە بـۆ گەشـەی کۆمەڵایەتـی تاکەکـان و روانـدنی تایبەتمەنـدی هـاوبەش لە نێوان تاکەکـان (هنود علی:130:2013)

**١-٤- قۆناغەکانی ئاوێتەبوونی کـۆمەڵایەتی :**

بلیز (Bales) قۆناغەکانی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

أ-ناسین :

واتە گەیشـتن بە پێناسـەیەکی هـاوبەش بـۆ هەڵوێسـتەکان وەك : داواکردنـی زانیـاری و دووبارەکردنەوەی روونکردنەوە و پێدانی رێنمایی و روونکردنەوە و دووبارەکردنەوە و جەختکردن.

ب-هەڵسەنگاندن :

دیاریكردنی سیستەمی هاوبەش كە لە ژێر رۆشانییدا چارسەرە جیاوازەكان هەڵدەسەنگێندرێن وەك : داواكردنی پێشنیاز و هەڵسەنگاندن و شیكردنەوە و گوزارشت لە هەست و سۆز و ئارەزوو و خستنەڕووی بیروڕا.

ج- رێككاری :

واتە هەوڵەكانی تاكەكان بۆ كاریگەریكردنە سەر یەكتر وەك : داواكردنی پێشنیاز و ئاڕاستەكردن و دۆزینەوەی رێگاچارە هەروەها هەڵسەنگاندنی پێشنیاز و رێنماییەكان كە یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بە چارسەر .

د- وەرگرتنی بڕیار :

گەیشتنە بە بڕیاری كۆتایی وەك : رازیبوون یان رازینەبوون و پابەندبوون بە رۆتین و یارمەتینەدان و هەروەها رازیبوون و خستنەرووی تێگەیشتن و پابەندبوون.

هـ- رێككاری تەنگژە :

واتە چارەسەركردنی تەنگژەكانی كۆمەڵ كە خستنەرووی تەنگژە و دووركەوتنەوە لە گۆڕەپانی گفتوگۆ و سوككردنی تەنگژە و پێدانی خۆشی و كامەرانی.

و- تەواوكاری :

چارسەر و چاككردنەوەی تەواوكاری كۆمەڵە وەك : خستنەڕووی لێكترازان و هەڵوەشانەوە و جەختكردن لەسەر خود و بەرگریكردن لێی و خستنەرووی پتەوی و بەرزكردنەوەی پلە و پایەی كەسانیتر و پێدانی یارمەتی و پاداشت بە كەسانیتر (عبدالله الرشدان:1999:170) .

**١-٥- زمان و ئاوێتەبوونی كۆمەڵایەتی :**

یاساكانی ئاوێتەبوونی كۆمەڵایەتی كۆمەڵێك بۆچوونە لای ئاخێوەران بۆ دركپێكردن بە ئەركی كۆمەڵایەتی و رەفتاری تاك لە ژێررۆشنایی پێوەرە كۆمەڵایەتییەكان كە رۆڵی تاك و كەسانیتر لە نێو كۆمەڵگا و دەستنیشانی دەكات یاساكانی ئاوێتەبوون كۆمەڵە یاسایەكی نازمانی

شاراوەن دەربارەی کات و شوێن و چەندێتی و شێوازی ئاخاوتن و رادەی دووبارەبوونەوەی کە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیترەوە دەگۆڕێت . پەیوەندیکردن : زمان + یاساکانی بەکارەێنان . یاسا بەدووبارە بوونەوەی دیاریدە دورست دەبێت، یاسا بۆ منداڵ و ئەوانە گرنگە کە فێری زمانێکی تر دەبن .

**١-٥-١- زمانی قسەکردن :**

زمان بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بەو پێیەی زمان دەربڕینی گوتراو یان بیستراو لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانیدا دەگرێتەوە، ئەم ناوەندە کاریگەری دەنگ، تۆن، خێرایی، کات، بێدەنگی، گوێگرتن، وشە، واتا و بیرۆکە و کەشوهەوای جەستەیی و دەروونی باو و دەرفەتەکانی ئاڵوگۆڕ و کارلێککردنی دەکەوێتەسەر. لە کاتێکدا زمانەوان لە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی زمان بە ئامانجی بەدەستەێنانی ئەو سیستەمە دەکۆڵێتەوە کە پێکهاتەی بنەڕەتی زمان پێکدەهێنن، پسپۆڕی دەروونناسی بە پلەی یەکەم خەمی کاریگەرییەکانی زمانە لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی و چۆن زمان کاریگەری لەسەر دەربڕین و گەشەکردن هەیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. (صالح محمد علي ابو جادو: ٢٠٠٢:٩٠)

**١-٥-١-١- وشە و رستە :**

+ وشە: وشەکان واباشە کورتبن، روون بن، بێلایەن بن،بارگاوی پۆزەتیف بن، رەسنبن هەڵبژێردراوبن . بۆ نموونە (نابینا) باشترە لە (کوێر) .

+ ڕستە : رستەکان کورتبن، شێوازی داڕشتنییان کاریگەری پۆزەتیف بێت،ئاسۆیی بێت. بۆ نموونە :

- ئێستا کاتم نییە بۆ قسەکردن ( کاریگەری نێگەتیف) .
- لە کاتی گونجاودا قسەدەکەین ( کاریگەری پۆزەتیف) .

**١-٥-١-٢- تۆن و میلۆدی دەنگ :**

دەنگ ناسنامەی قسەکەرە و لە ڕێگای دەنگەوە زۆر شت لەبارەی قسەکەرەوە وەردەگرین ئاوازەی دەنگ وەک ئاوازی مۆسیقا وایە بە پێی دەوروبەر دەگۆڕێت بۆ نمونە یەک داوای لێبوردنت لێدەکات بەڵام هەست ناکەی داوای لێبوردنە، جگە لەمەش زۆر لە ئاوازە میلۆدی دەنگەکان مایەی بێزارین بۆ بەرامبەر و ناتوانی زۆر گوێی لێبگرین (غسان جعفر:٢٠٠٦:٤٥) .

**١-٥-٢- زمانی جەستە :**

ئامرازی کارلێکی نازارەکی ئامرازی پەیوەندیکردن هەیە کە هەموو شتێک لەخۆدەگرێت کە نازارەکییە، بەو پێیەی هاندەرێک یان هاندەرێک پێکدەهێنێت بۆ وەڵامە ڕەفتارییە جیاوازەکان کە بەشدارن لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا، نموونەی ئەمەش بریتین لە زمانە نازارەکییەکان، وەک دەربڕینی دەموچاو ، جل و بەرگ و ڕەنگ و زەردەخەنە، هەروەها زمانی ئیشارەت بۆ داماو و کەڕەکان کە توخمە زارەکییەکەی تێدا نییە. (عماد ابراهيم حيدر الاتروشي:٢٠٠٤:٣٢) .

**١-٦- شێوەکانی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی:**

ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی پلە و شێوەی خۆی هەیە کە بریتین لە:

١-٦-١--ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی ئەرێنی:

کاردانەوەی ئەرێنی لێدەکەوێتە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەك: پێشکەشکردنی یارمەتی و هاندان و پتەوکردنی پەیوەندی بە پێی هەستەکان .

١-٦-٢- ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی نەرێنی :

کاردانەوەی نەرێنی لێدەکەوێتە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەك، ناڕازیبوون و نائاسوودەیی و هەڵوەشانەوە ...هتد.

١-٦-٣- ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی بێ لایەن :

تایبەتمەنــدی ئەم جۆرە بــریتییە لە پرســیارکردن و وەرگرتنــی زانیــاری و وەرگرتنــی بیــروڕا و روونکردنەوە . (عبدالله الرشدان:171:1990) .

بەشی دووەم : یاساکانی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی و پراگماتیک :

٢-١- ئاویتەبوون و روومەندی :

زمـان دوو تایبەتمەنـدی هەیە (ئەقڵانـی) کە لایەنـی گەیانـدن دەگـرێتەوە و (ئەخلاقـی) کە لایەنـی هەڵسـوکەوت دەگـرێتەوە، بۆ ئەم مەبەسـتە زانایـان چەنـد بنەمـایەکی روومەنـدیان دانـاوە لەوانەش:

**٢-١-١- روومەندی لای لاکۆف :**

رۆبــین و لاکۆف ١٩٧٣ ئەو بنەمایەیــان لە وتــارێکــدا داەێنــا لە ژێرنــاوی (لۆجیکــی رێزداری) (طــه عبــدالرحمن:240:1998)، پێیــان وایە قســەکەر و گــوێگــر بۆ هارکــاری ئاخــاوتن و گەیشــتن بە ئامــانج لەســەریانە رێزدار بــن بۆ پــتەوی پەیوەنــدی کۆمەڵایەتــی، لاکۆف سێ یاسای داناوە بۆ بنەمای رێزداری کە بریتین لە :

+ دەستووری خۆبەدوورگرتن :

- خۆت مەســەپێنە بەســەر بەرامــبەر بە پــارێزبە، تێکەڵ کاروبــاری خەڵک مەبە، داوای شــت بەزۆری لە بەرامــبەر مەکە، لەوانەش داوای راســتەوخۆ، دیســان بێ ئەوەی مۆڵەت لە بەرامــبەر وەربگری تێکەڵ بە کاروباری مەبە .

+ دەستووری هەڵبژاردن :

- نــابی زۆری لەبــارامبەر بــکەی، بەڵکــو دەبێت ئــازادی بــدە بەرامــبەر و بــواری هەڵبــژاردن بــدە بەرامبەر .

+ دەستووری هاوڕێیەتی :

خۆت بکە هاوشانی بەرامبەرەکەت،خۆشەویستیت بۆ بەرامبەر دەرببڕە،هاوڕێیەتیت بەهێزبکە . (شارودو& منغنو ٢٠٠٨:٤٢٩) .

**٢-١-٢- ڕووەمەندی لای لیچ :**

لیچ ١٩٨٣ پێی وایە ڕێزداری باڵا دوو شێوەی هەیە : نەرێنی : کەمکردنەوەی قسەی بێرێز ، ئەرێنی : زیادکردنی قسەی ڕێزدار . ئەم بنەمایە شەش لقی لێدەبێتەوە :

+ دەستووری نەرمی : نەرمی دەستپێشخەرییە بۆ ڕێز و بەردوامی ئاخاوتن .

+ دەستووری تەکتیک : هەوڵدە قازانجی بەرامبەر زیاد بکە و خەسارەتی کەمبکەوە .

+ دەستووری بەخشندەیی : قازانجی خۆت کەمکەوە و خەسارەتی خۆت زیاد بکە .

+ دەستووری چاکەکردن : ستایشی خۆت کەمبکەوە و زەمی خۆت زیاد بکە .

+ دەستووری هاوڕایی و ڕێکەوتن : خاڵی هاوبەشی خۆت و کەسانیتر زیادبکە و جیاوازییەکان کەم بکەوە .

+ دەستووری هاوسۆزی : دژایەتیت لەگەڵ کەسانیتر کەم بکەوە و هاسۆزیت لەگەڵ کەسانیتر زیاتر بکە (شارودو& منغنو ٢٠٠٨:٤٢٩) .

٢-١-٣- ڕووەمەندی لای براون و لیڤنسن :

براون و لیڤنسن پێیان ڕووەمەندی وەک پردێک وایە بنیاتی کۆمەڵایەتی ڕەفتار بەیەکەوە دەبەستێتەوە (Brawn.P&Levinson.S.C:1978:283) بە پێی بۆچوونی براون و لیڤنسن (١٩٧٨-١٩٨٧)، ئێمە بەرامبەر چەند ستراتیجییەتێکین کە لە خزمەتی ڕێزداریدایە بە پێی سێ بنەما:

+ پلەی مەترسی F.T.A

+ دوورونزیکی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران .

+ پەیوەندی دەسەڵات (ئاسۆیی)

ئەم دوو زمانەوانە لە ساڵی (١٩٧٨) لە روانگەی رووەندی و حورمەت پاراستنی بنیاتی کۆمەڵایەتی، رووی ئەرێنیان خستەڕوو و گریمانەی ئەوەدەکەن وێنەی کەسایەتی ئەرێنی تاکە، ئەمەش لەوەوە هاتوو تاک ئارەزووی ئەوەدەکات کە پەسندبێت لە کۆمەڵگا. (kerbrat-orecchion:1996:51) .

٢-١-٤- رووەندی لای لۆک :

رەوشتی زمانی و فەرمانی گوتن لەسەر هەردوو بیرۆکەی کانت و جۆن لۆک دامەزراوە :

کانت دەڵێت : ناتوانم پشتڕاستی بکەمەوە کە من دەتوانم بڕیارێکی بدەم کە لە هەمولایەک پەسنکراوبێت، گرنگ ئەوەیە خۆم قەناعەتم پێی هەبێت،بەڵام ناتوانم لەدەرەوەی خۆم بیسەپێنم .ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ ئاڵوگۆڕی زمانی جەخت لەسەر کۆتەکانی کەسی قسەکەر دەکات .

لۆک : پێی وایە تێنەگەیشتنی قسەکەر لە گوێگر دەگەڕێتەوە بۆ ناڕوونی وشە و ناجێگیری بەکارهێنانی و پراکتیزەکردنی هەڵە و تێکەڵکردنی وشە و شت و پێدانی واتا بە وشە . جا پێی وایە بۆ ئەوەی دووربین لە گرفتی لێکتێنەگەیشتن پێویستە ئەم هەنگاوانە بنێین :

- وشەیەک بەکار نەهێنین کە بیرۆکەیەکی روونی بەدواوە نەبێت .

- بەکارهێنانی وشە بە مانا راستەقینەکەی نەک بە واتا خوازراوەکەی .

- روونکردنەوەی واتای مەبەست لە وشەکە . (سليفان اورو و الاخرون: ٥٠٧:٢٠٠٢)

- بەکارهێنانی هەمان وشە بۆ هەمان واتا لە کاتی دووبارەبوونەوەدا، ئاگادارکردنەوەی بەرامبەریش لەکاتی گۆڕانی واتا .

دەبێت قسە و ڕەفتارمان یەک بێت، قسەیەک نەکەین پێچەوانەی ڕەفتارەکان بێت . بەڵکو دەبێت ڕەفارەکانمان پێش قسەکردنەکانمان بدوێن، دەبێت تا پێماندەکریت دووركەوینەوە لە ستایشی خود.

ڕوومەندی ئارەزووی ئاخێوەرانە بۆ نەرمی ئاخاوتن لەگەڵ یەك، ئەم تیۆرە جیهانییە، پوختەی ئەم بۆچوونە بۆ ئەوەیە خۆنزیککردنەوەی کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە لە ئاخاوتندا لە هەمان کاتیشدا خۆ بەدوور گرتنە لەو هەڕەشانەی ئاوی ڕوو ناەێلن، ئەم بۆچوونە پشت بەوە دەبەستێت ئاخێوەران ڕوێکی کۆمەڵایەتیان هەیە، ڕوومەندی چەند ستراتیجییەك دەخاتەڕوو بۆ پارێزگاریکردن لە ئاوی ڕووی کۆمەڵایەتی یەکتر، ئەمەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر دەگۆڕێت، ڕوومەندی دەچێتە ناو چوارچێوەی تیۆری نەزاکەتی دەربڕین لە چوارچێوەی پراگماتیك لێكۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام دەدرێت. لەمانەی سەرەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەرکەکانی زمان لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئەرکی سوودمەندانە: یان وەک پێی دەوترێت ئەرکی " من دەمەوێت"، کە ڕێگە بە تاک دەدات پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا تێر بکات کە تێیدا دەژی، تاک لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێت ڕەفتاری خۆی و ڕەفتاری ئەوانی دیکە کۆنترۆڵ بکات. تاک لە ڕێگای زمانەوە دەتوانێت ڕەفتارەکانی لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێنێت و کۆنترۆڵی بکات. ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگا، لەسەر بنەمای ئەرکەکانی زمان، پەیوەندییەکی ڕەگداکوتاوە کە هەڵوەشاندنەوەی ئەستەمە،چونکە بەبێ زمان، مرۆڤ نەیدەتوانی لە کۆمەڵگاکەیدا پێکەوە بژی و خۆی لەگەڵ تاکەکانیدا بگونجێنێت. زمان گرنگترین تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤە، هەردووکیان کاریگەرییان لەسەرە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، بەم پێیە هاوئاهەنگی لە نێوان ڕەفتاری قسەکردن و کۆمەڵایەتی دورست دەبێت .

٢-٢- ئاوێتەبوون لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان :

ئەگەر زمـــــان سیســــــتەمێک بێت، ئەوا فـۆرمە زمانییەکـــــان هەریەکەیـــــان ئەرکێکــــــی کـۆمەڵایەتــی دەبیــنن ، هەڵســوکەوتی زمــانی پەیوەنــدیکردن دیــاری دەکــات کە ســەیرکردنی زمــان وەک سیســتەمێکــی کــارلێک کــارانەیە (Communication behavior) ، تێبینیکردنــی پەیوەنــدی نێوان ئاســتەکانی و نێوانیــان هۆکــارە مەعریفــی و بــارودۆخــی و کولتوورییەکــان. ڕێســاکانی ئــاوێتەبــوون (Rules of interaction) بــریتین لە کـۆمەڵە یاســایەکی بنچینەیــی زمــانی و نــا زمــانەوانی شــاراوەیە کە تاکەکــان بە پێی کــات و شــوێنــی قســەکردن پیــادەی دەکەن و لە کـۆمەڵگە جیاوازەکانــدا دووبــارە دەبێتەوە . ئــاوێتەبــوونی کـۆمەڵایەتــی ســتانداردی خۆی هەیە لە کـۆمەڵگاکانــدا بـۆ نمـــوونە کە مـــاوەی فیزیکـــی نێوان بەشــداربووان لە کـۆمەڵگایــک بـۆ کـۆمەڵگــایەکیتر دەگـۆڕیــت . کەواتە یاســاکانی ئــاوێتەبــوون چــاڵاکیــی پەیوەنــدیکردن بەڕێوەدەبەن و ئاراســـتەی دەکەن و کـــاتێک یاســـاکانی ئـــاوێتەبـــوون دەشـــکێن، سەرلێشێواوی لێدەکەوێتەوە .

پراگماتیـک پەیـوەنییەکی بەتینـی بە یاسـاکانی ئـاوێتەبوونەوە هەیە چونکە خۆی لە بنچینـەدا پراگماتیـک بەکارهێنانی زمانە و ئەرکی سەرەکی بەکارهێنانی زمانیش ئەوا رازیکردنە و بێگومان رازیکردنیش ئەرکی سەرەکی دەبینێت لە پراگماتیکی گەیاندن .

یاساکانی ئاوێتەبوون لە بنەماکانی روومەندی زمانەوانەکان وەرگیراون وا ئێمەش لەم تەوەرەیەدا ئەم یاسایانە دەبەستینەوە بە بنەماکانی روومەندی :

**٢-١- ئاوێتەبوون لە یاسای یەکەم : بە رێزەوە یەکتر ببینین و سڵاوبکەین :**

٢-١-١- سڵاوکردن و خۆناساندن و ماڵئاواییکردن بەرێزەوە .

٢-١-٢- پێشکەشکردن و وەرگرتن بە رێزەوە .

٢-١-٣- توانای دەستپێکردن و تەواوکردنی ئاخاوتنەکان بەڕێزەوە .

ئەم یاســـایە ســـەرەتاو کـۆتـــایی ئاخاوتنەکـــان دەگـــرێتەوە و دەچێتە خـــانەی ســـتراکچەری ئاخـــاوتن (Conversation Structure) و هەر بـۆنەیەکـــی ئاخـــاوتن جۆرســـەرەتایەکی هەیە

(عبدالواحد مشير دزەیی:٢٠١٢:٩١) کە گرنگییەکی زۆری هەیە لەسەر ڕێڕەوی ئاخاوتن، چونکە سەرەتاکان زەمینەسازی دەکەن بۆ ئاوێتەبوون و نەرمی نواندن .

**+ یاسای دووەم : (نۆبەگرتنی ئاخاوتن ) :**

– گۆڕینەوەی نۆرەی ئاخاوتن .

– گوێگرتن و سەیرکردن و قسەپێنەبڕین دەگرێتەوە .

– وەڵامدانەوەی گونجاو لە کاتی گونجاو .

نۆبەگرتن (Turn- Taking) بریتییە لە سوڕانەوەی قسە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر کە بە پێی کەلتوور لە گۆڕاندایە (عبدالواحد مشیر دزەیی:٢٠١٢:٤٠)، ئەم یاسایەش (گۆڕینەوەی نۆرەی ئاخاوتن و قسە پێنەبڕین) دەچێتە خانەی ستراکچەری ئاخاوتن لە پراگماتیکدا، نۆبەگرتن و قسە پێنەبڕین ڕێز و روومەندی دەنوێنێت و ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی ئەرێنی دێنێتە ئاراوە و بە پێچەوانەشەوە قسەپێبڕین و گوێنەگرتن رووی نەرێنی نیشان دەدات و ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی نەرێنی دێنێتە ئاراوە .

**+ یاسای سێیەم : (گرنگی بە کەسانیتر بدە)**

– وەستاندنی ئەوەی کە دەیکەیت تا بتوانیت گوێبگریت وەک خۆخەریک نەکردن بەشت لە کاتی قسەکردندا .

– خوێندنەوەی هەستی مرۆڤەکان لە ڕێگەی زمانی جەستە و دەربڕینی دەموچاویانەوە .

– گۆڕینی ڕەفتارەکانت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کارەی کەسانی تردا بگونجێت .

(گویگرتن و خۆخەریکنەکردن بە شتی تر) دەجیتە خانەی ستراکچەری ئاخاوتن و پەیوەندی بە نۆرەگرتنی ئاخاوتنەوە هەیە و پیادەکردنی ئاویتەبوونی کۆمەڵایەتی ئەرێنی دینیتە ئارەوە و پیجەوانەکەش ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی نەرێنی دێنیتە ئاراوە .

خـــوێنـــدنەوەی بیرمکـــانی بەرامـــبەر و تێبینیکردنـــی زمـــانی جەســـتە پەیوەنـــدی بە کـــردنەوەی کـۆدەوە هەیە کە بـــابەتێکـــی پراگمـــاتیکییە، دورســـتی خـــوێنـــدنەوە یارمەتیـــدەر دەبێت بـۆ هەڵسـوکەوتی زمـانی گونجـاو، جـگە لەمەش خۆگونجانـدنی تاکەکـان دەچیتە خـانەی روومەنـدی کە پیشـــــتر باســـــمان کـــــرد و بەتەواوی لەگەڵ دەرکەوتەی ئاخـــــاوتن (Implicate Conversational) وبنەمـــای هاریکـــاری گـــرایس (Cooperative principle) دەگـــونجێت و بەتـــایبەتی لەگەڵ بنەمـــای گونجـــان (Relation) کە دەڵـــــێت : گوتنەکانمـــان دەبێت گونجـــاوبێت لەگەڵ پێویســـتی و داوای وەرگـــــر نەک بـــــابەت بـــــگـۆڕی و لە وەڵام رابکەیـــــن (عبدالواحـــــد مشـــــیر دزەیـــی:٢٠١٤:١٠١٠) . بنەمـــای چۆنیەتـــی (Quantity) و چەنـــدێتـــی (Quality) و شـــیواز (Manner) یـــش پەیوەنـــدی بە ئـــاوێتەبـــوونی کـۆمەڵایەتیـــیەوە هەیە، چـــونکە بنەمـــای هاریکـــاری هانـــدەرە بـۆ رێزگـــرتن و زۆر نەگـــوتن و شێوازی روون و ئاشـــکرا (عبدالواحـــد مشـــیر دزەیی:٢٠٠٩:١٢٩) .

**+ یاسای چوارەم : (خوێندنەوەی بەرامبەر پێش هەڵسوکەوتکردن) .**

– دەست لێنەدان لەبەرامبەر بێپرسیارکردن .

– وەستان لە ماوەی ئاسوودە لەکاتی قسەکردن .

– ن‌ۆرەگرتن لە کاتی شتکـڕین و جێبەجێکردنی کار .

ئەم یاســایەی ئـــاوێتەبـــوونەی کـۆمەڵایەتـــی پەیوەنـــدی بە نەبەزانـــدنی ســـنووری کـۆمەڵایەتیـــیەوە هەیە کە دەچێتە خـــانەی بنەمـــای هارکـــاری بە تـــایبەت بنەمـــای چەنـــدێتـــی کە پێمـــان دەڵـــێت بـڕی پەیوەنـــدیمان بە پێی پێویســـت بێت و بێ ویســـتی بەرامـــبەر کـــارێک نەکەیـــن ئاوێتەبوونی کـۆمەڵایەتی ببەزێنین .

**+ یاسای پێنجەم : (هاوکاری کەسانی تر بکە)**

– پەیڕەوکردنی رێنماییەکان کاتێک داواتلێدەکرێت .

– داوای یارمەتیکردن لە کاتی پێویستدا .

– نەرم و نیانی و کراوەبوون لە کاتی پێشکەشکردنی بیرۆکەی نوێ .

پەیڕەوکردنی ڕێنمایی لەکاتی پێویستدا دەچێتە خانەی بنەمای هاریکاری بۆ ئەوەی دەربڕین و هەڵسوکەوتە زمانییەکانمان بە پێی پێویستبن، سەبارەت بە نەرم و نیانی پەیوەندی بە نیشانکارەکانەوە (Deixis) هەیە چونکە نیشانە کۆمەڵایەتییکان ڕێز دەنوێنن و ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی دورست دەکەن، سەرباری ئەمەش نەرمونیانی دیسان پەیوەندی بە کردەی قسەییەوە (Speech act) هەیە چونکە زۆرجار دەربڕینەکان ناڕاستەوخۆن بۆ نیشاندانی ڕێز زۆر جار دەربڕینەکان لە شێوەی جیاواز دەردەبڕێت (عبدالواحد مشیر دزەیی:٢٠٠٩:١٢٧) .

https://www.understood.org/en/articles/unwritten-social-rules-for-kids

2–3– پراگماتیک چۆن یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی :

توونەدی و نەرمی دەربڕین فاکتەری سەرەکین بۆ ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی هەروەک لە بنەمای رووەمەندی باسمان لێوەکرد ئیستەش بە شێوەیەکی پراکتیکی نموونەی پێویستی بۆ دەهێنینەوە :

٣–٢–١– وشە و رستە :

وشە بێلایەن و بارگاوییەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لەسەر ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی، هەروەک ئاشکرایە وشەکانی وەک : (سەقەت– کەمئەندام)، (درۆ – ناڕاست)،(کەناس– ژینگەپارێز)، (زۆرگۆ – زمان درێژ) ئەم وشانە کە لە نێوان یۆفیمزم و دیسفیمزم دا جەمسەریان گرتووە کاریگەریان دەبێت لەسەر ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی ئاخاوتن، جێگای باسە هەڵبژاردنی وشانە بە پێی بارودۆخ و ڕێڕەوی ئاخاوتن دەگۆڕێت .

سەبارەت بە رستەش زۆر رستە و گوتن هەیە دەتوانین لە بری یەکتر بەکاربێنین کە ڕۆڵی کاریگەریان دەبێت لە ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی وەک :

+ لە بری (خۆپەرست) دەتوانی بڵێیت : (خودویستی ڕق دورست دەکات).

+ لە بری (پێویستیم بە پشتیوانی تۆ نییە) دەتوانی بڵێیت : (من حەزدەدەکەم پشت بەخۆم ببەستم) .

+ لە بری (خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نیت) دەتوانی بڵێیت : ( ئەگەر بزانم پێگەی کۆمەڵایەتیم لاوازە پێداچوونەوە بەخۆمدا دەکەم ) .

+ لە بری (لێم دوورکەوە) دەتوانی بڵێیت : ( واباشترە دوورییەك لەنێوان تاکەکان هەبێت) .

+ لە بری (پێویستیم بە ئامۆژگاری تۆ نییە) دەتوانی بڵێیت : ( من خۆم باش دەزانم چ دەکەم) .

٣-٢-٢- ئاوازەی دەربڕین :

دەنگی نزم بێزاری دەگەیەنێت، دەنگی بەرز لەگەڵ سەیرکردنی بەرامبەر رق و کینەی قسەکەر دەگەیەنێت، دەنگی ئاسایی و نەرم کاریگەرە، خێرایی قسەکردن خواردنی پیتەکان ناتێگەیشتن دێنێتەئاراوە، دەنگی بەرز دەنگی خۆبەزلزانینە . دەنگی جێگیر کەسایەتی جێگیرە و وشەکانی بە وردی هەڵبژێردراون . دەنگی بەرز و نزم کەسانی داخراو و دوورەپەرێزن و دەنگی دابەزیوو ئاماژەیە بۆ دودڵی ناجێگیری .

٣-٢-٣- زمانی جەستە :

هەر تاکێک دووری ماوەی خۆی هەیە کە ناوچەی ئاخاوتنی پێدەڵین ، سەرداگرتن تۆزێک سەرداگرتن ئاسوودەیی و رێز دەگەیەنێت لە کاتی پێشوازیدا . ماوەیەك خەندەکردن، بەس زێدەڕۆیی نەکردن . سەرلەقاندنی مرۆڤ 25% ی توانای گوێگرتن بەکاردێنێت لە کاتێکدا گوێگرتن 70% ی پەیوەندی مرۆڤایەتی پێکدێنێت،

سەیرکردن دوای ماوەیەکی کەم لە بەیەکگەیشتنی دوو چاو، ئاوێتە بوونی کۆمەڵایەتی نێوانیان دەست پێدەکات، وەك ئەوەیە کە بڵێی حەزدەکەم پەیوەندیت پێوە بکەم، شوێنی دانیشتن کاریگەرییەکی زۆری هەیە، بۆ نموونە لە رووبەڕوو دانیشتن مرۆڤ وا هەستدەکات لە شەڕدایە، هیچ ئازادییەکی جولانەوەی نییە، بۆیە باشترین شێوە بۆ دانیشتن، ئەو دانیشتنەیە کە بە گۆشەی (45) پلە دانیشتبن دوای ئەمیش لەتەك دانیشتنە کە هاوڕێتی و هاوشانیکردن نیشاندەدات . بەرکەوتنی دەست، وەك تەوقە یان دەستخستنەسەرشان، کاریگەری ئەفسووناوی زۆری هەیە، بە تایبەتی بۆ مرۆڤە هەستیارەکان، کە ئاسوودەیی و دڵنیای دەبەخشێت . خۆدوورخستنەوە لە ڕوو گرژی و، زیادەڕۆیی نەکردن لە ڕووخۆشی . خۆ خەریك نەکردن بە مۆبایل و شت شتەوە لەکاتی قسەکردندا . مرۆڤ لەکاتی قسەکردندا خۆی هاوشان بکات لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا، نەك خۆی بە بەرزتر سەیربکات، تەنانەت ئەگەر لەراستیشدا وابوو . بۆ نموونە نابی قاچ لەسەر قاچ دابنرێت و بەرابمبەر بێزار بکرێت . دابەشکردنی سەیرکردنمان بۆ خەڵك، نەك تەنها بۆ یەك کەس، یا چەند کەسانێك . گرنگیدان بە رێك و پێکی جل و بەرگ و خاوێنی و دروستیی هەڵبژاردن و بۆنخۆشی .

ئەنجام :

١-ئەوانەی سەبارەت بە کارلێکی کۆمەڵایەتی بە گشتی خراوەتەڕوو، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی بناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی هەموو تاکێکە هەروەها بنەمای سەرهەڵدانی پەیوەندییەکانە.

٢- بەها و گرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی پیشەیی و پەروەردەیی و سیاسی و ئابووری و ژیانی دیکەدا هەستی پێدەکرێت .

٣- پراگماتیك دەتوانێت بە ئەرێنی و نەرێنی و بێلایەنی رۆڵی خۆی بگێرێت لە بوارەجیاجیاکان و هەروەها بواری کار و پەیوەندییە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان بە باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان .

٤- پراگماتیك دەتوانێت کاریگەری زۆری هەبێت بۆ زیاترکردنی هاوکاری، خۆشەویستی، یەکگرتن و گەیشتن بە لێکنزیکبوونەوەی مرۆڤایەتی و رەتکردنەوەی رۆحی توندوتیژی و گەیشتن بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە و بڵاوکردنەوەی کولتوری ئاشتی.

٥- پراگماتیك پەیوەندییەکی بەتینی بە یاساکانی ئاوێتەبوونەوە هەیە چونکە خۆی لە بنچینەدا پراگماتیك بەکارهێنانی زمانە و ئەرکی سەرەکی بەکارهێنانی زمانیش ئەوا رازیکردنە و بێگومان رازیکردنیش ئەرکی سەرەکی دەبینێت لە پراگماتیکی گەیاندن .

٦- بوارەکانی پراگماتیکی وەك : ستراکچەری ئاخاوتن و کردەی قسەیی و دەرکەوتەکان و نیشانکارەکان پەیوەندی راستەوخۆیان بە ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و بێ پراگماتیك ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی روونادات .

٧- پراگماتیك یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی لە رێگای هەڵبژاردنی وشەی گونجاو بە پێی بارودۆخ و رستەی کاریگەر و تۆنی دەنگی نەرم و زمانی جەستەی ئەرێنی .

سەرچاوەکان :

أ-بەکوردی :

١-محمد معروف فتاح (١٩٨٥) شێوازی ئاخاوتن لەناو ئافرەتی سلێمانیدا، رۆشنبیری نوێ، ١٠٧ بەغدا .

٢-عبدالواحد مشیر دزەیی (٢٠١٢) شیکردنەوەی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی پڕاگماتیکییە، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا،زنجیرە:٢٥٦، سلێمانی .

٣-عبدالواحد مشير دزەيى (٢٠١٤) زانستی پراگماتیک، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،چ/٢،هەولێر.

٤-عبدالواحد مشير دزەيى (٢٠٠٩) واتاسازی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ/١، هەولێر .

1-Mohammed Marouf Fatah (1985) Speech style among women in Sulaimani, Roshnbiri Nui, ` 107 Baghdad.

2-Abdulwahid Mushier Dzeyi (2012) Analysis of Speech in Kurdish Language, a Pragmatic Research, Chawarchra Publishing House, Series: 256, Sulaimani.

3-Abdulwahid Mushier Dzeyi (2014) Pragmatic Science, Awer Publishing House, Vol. 2, Erbil.

4-Abdulwahid Mushier Dzeyi (2009) Semantics, Mukriani Research and Publishing Agency, Vol. 1, Erbil.

ب- بەعەرەبی :

1-اتاواي (1976)، التربية والمجتمع، ترجمة وهيب سمعان، مكتبة االنجلو المصرية،القاهرة، مصر .

2-أحمد الشناوي وآخرون (٢٠٠١)،التنشئة االجتماعية للطفل، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان، األاردن.

3-باتريك شارودو و دومينيك منغنو، (2008)، معجم تحليل الخطاب، تر : عبد القادر المهيري وحمادي صمود، مر : صلاح الدين الشريف، المركز الوطني للترجمة، دار سيناترا، تونس.

3-خالد محمد الحشحوش ( 2013 ) علم الاجتماع الرياضي، ط1 ،مكتبة اتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان، الأردن .

4-سيلفان أورو، جاك ديشان، جمال كولوغلي، (2012)، فلسفة اللغة، تر : بسام بركة، مر : ميشال زكريا، المنظمة العربية للترجمة، ط1، بيروت.

5-صالح الدين شروخ (2004)، علم النفس التربوي، دط، دار اإلسكندرية.

6-صالح محمد علي ابو جادو (٢٠٠٢): سيكولجية التنشئة الاجتماعية ، الطبعة الثالثة، دار المسيرة للنشر والتوزيع ، ص ٩٠.

7-طه عبدالرحمن (1998) اللسان و الميزان او كوثر العقلى، المركز الثقافى العربى، ط1.

8-عبد الله الرشدان (1999)، علم االجتماع التربية، ط1 ،دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان .

9-عماد ابراهيم حيدر الاتروشي (٢٠٠٤): الشخصية النرجسية وعلاقتها بالتفاعل الاجتماعي لدى طلبة الجامعة، كلية التربية / ابن الهيثم، جامعة بغداد، ص ٣٢

10-غسان جعفر (٢٠٠٦) علم الفراسةو رشاد برس للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، لبنان .

11-غنيم سيد احمد (1973) سيكولوجية الشخصية، ط/1، دار النهضة العربية، القاهرة، مصر .

12-فليب بلانشيية (2007)، التداولية من اوستن الى غوفمان، ترجمة صابر الحباشة، دار الحوار للنشر و التوزيع، سورية، اللازقية.

13-فؤاد البهى السيد (1988) الاسس النفسية للنمو من الطفولة الى الشيخوخة،ط/2، دار النشر الفكر العربي، مصر .

14-كريش دافيد و اخرون (1974) سيكولوجيية الفرد فى المجتمع، ترجمة حامد عبدالعزيز الغقى، سيد خيرالله، كتبة الانجلو المصرية، القاهرة، مصر .

15-محمد مصطفى زيدان(1995) علم النفس التربوي، دور التربية في خفض السلوك العدواني للمراهق.

16-محممد حسن علاوي (د.ت) سيكولوجية الجماعات الرياضية، مركز الكتاب، القاهرة.

17-محمود فتحي عكاشة(د.ت) ، محمد شفيق زكي: مدخل الى علم النفس االجتماعي، مصر، المكتب الجامعي الحديث، االسكندرية.

18-مينرونوف جان (1974)، ترجمة فريد انطونيوس، دينامكية الجماعات، منشورات عويدات، بيروت، لبنان .

19-هنود علي (2013)، التفاعل االجتماعي وعالقته بالتحصيل الدراسي لدى بعض تالميذ الثانوي، رسالة ماجستير في علم النفس جامعة محمد خيضر، الجزائر.

1-Attaway (1976), Education and Society, translated by Wahib Semaan, Anglo-Egyptian Library, Cairo, Egypt.

2-Ahmed Al-Shennawi et al. (2001), Socialization of the Child, Dar Al-Safaa for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

3-Patrick Charaudeau and Dominique Mingno, (2008), Dictionary of Discourse Analysis, Trans.: 4-Abdelkader Al-Muhairi and Hamadi Samoud, Trans.: Salah Al-Din Al-Sharif, National Center for Translation, Sinatra House, Tunisia.

5-Khaled Muhammad Al-Hashhoush (2013), Mathematical Sociology, 1st edition, Arab Society Library for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

6-Sylvain Orot, Jacques Deschamps, Jamal Kologli, (2012), Philosophy of Language, Trans. Bassam Baraka, Trans. Michel Zakaria, Arab Organization for Translation, 1st edition, Beirut.

7-Salah El-Din Shoroukh (2004), Educational Psychology, ed., Alexandria House.

9-Saleh Muhammad Ali Abu Jado(2002): The Psychology of Socialization, third edition, Dar Al-Masirah for Publishing and Distribution, p. 90.

7-Taha Abdel Rahman (1998) The Tongue and the Scale, or Kawthar Al-Aqli, Arab Cultural Center, 1st edition.

8-Abdullah Al-Rashdan (1999), Sociology of Education, 1st edition, Dar Al-Shorouk for Publishing and Distribution, Amman.

9-Imad Ibrahim Haider Al-Atrushi (2004)The narcissistic personality and its relationship to social interaction among university students, College of Education / Ibn Al-Haytham, University of Baghdad, p. 32

10-Ghassan Jaafar (2006) Physiognomy and Rashad Press for Printing, Publishing and Distribution, Beirut, Lebanon.

11-Ghoneim, Sayyed Ahmed (1973) Personality Psychology, 1st edition, Dar Al Nahda Al Arabiya, Cairo, Egypt.

12-Philippe Blanchet (2007), Pragmatics from Austin to Goffman, translated by Saber Al-Habasha, Dar Al-Hiwar for Publishing and Distribution, Syria, Lazakia.

13-Fouad Al-Bahi Al-Sayyid (1988) The Psychological Foundations of Development from Childhood to Old Age, 2nd edition, Arab Thought Publishing House, Egypt.

14-Krish David and others (1974) The Psychology of the Individual in Society, translated by Hamid Abdel Aziz Al-Ghaqi, Sayyed Khairallah, Egyptian Anglo Books, Cairo, Egypt.

15-Muhammad Mustafa Zidan (1995) Educational Psychology, the role of education in reducing adolescent aggressive behavior.

16-Muhammad Hassan Allawi (D. T.), Psychology of Sports Groups, Book Center, Cairo.

17-Mahmoud Fathi Okasha (D.D.), Muhammad Shafiq Zaki: Introduction to Social Psychology, Egypt, Modern University Office, Alexandria.

18-Minronov Jan (1974), translated by Farid Antonius, Group Dynamics, Oweidat Publications, Beirut, Lebanon.

19-Hanoud Ali (2013), Social interaction and its relationship to academic achievement among some secondary students, Master's thesis in psychology, Mohamed Kheidar University, Algeria.

ج- به ئینگلیزی و فرەنسی :

1-Kerbrat-Orecchioni C. (1996). La conversation, Paris : Seuil.

2-Brown. P and Levinson S.C, [1978], (2000), Politeness *Some universals in language usage*, Cambridge university press.

د- پێگەی ئەنتەرنێت :

1-https://www.understood.org/en/articles/unwritten-social-rules-for-kids

التفاعل الاجتماعي :

2-http://www.uobabylon.edu.iq/uobcoleges/lecture.aspx?fid=11&lcid=51981

# Pragmatıcs and socıal ıntegratıon ın kurdısh language


Summary

Interaction is a social and psychological concept and is part of social psychology. It deals with the interaction of individuals with their environment and the results of these interactions are the values, traditions, trends, interaction of individuals and their approach. For this purpose, pragmatics plays an important role in the use of language at all levels of language. Using language in a positive and practical way helps strengthen social relationships and community unity.

The aim of this research is to find the relationship between the rules of social interaction and pragmatics to understand the role of pragmatics in this interaction. In this research, the role of pragmatics in formulating ideas and linguistic expression is discussed again.

This research aims to answer the following questions: To what extent do the laws of social interaction depend on pragmatics? What is the relationship between pragmatics and social interaction? How does pragmatics contribute to social interaction?

The importance of the research lies in that it teaches us how to be careful in our speech and expressions, take into account the social situation, and make language a means of rapprochement. The second relates to the rules of social interaction and pragmatics, with conclusions and summaries in both Arabic and English.